# شیوەنی بۆ ژیلا

تەها ئەمین هەڵەدنی

هەواڵەکان ڕایان گەیاند کە ژیلای 13 ساڵە بە بەردەباران تا مەرگ سسزا دراوە، چونکە لە گەڵ برا15 ساڵیەکەی ڕایبواردوە،هەروەها ژیلا لە براکەی دوگیان بوەو منداڵکیشی بوە.هەر لەیەکەمین چرکەشەوە کە کۆرپەکەی دەبێ لەدایکی جیادەکەنەوەو ژیلا ڕەوانەی زیندانی تاران دەکرێت، براکەشی ڕەوانەی زیندانی سنە.

ئەم ڕوداوە لە شاری مەریوان ڕویداوە.

ئەگەر ئەو ڕوداوە لە وڵاتێکی پێشکەوتوو ڕویبدایە، لە گوڵێک کاڵتریان نە بە ژیلا کە نەبە کوڕە دەووت، لەجیاتیدا ڕەوانەی دەروونناسیان دەکردن، چونکە ڕابواردنی خوشک و برا ڕوداوێکی ئاسایی نیە، ئەمەش بەڵگە نیە کە لە جیهانی پێشکەوتوودا برا لەگەڵ خوشکی خۆیدا نانوێ، دەنوێ بەڵام لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بە دەروون نەخۆش ناوزەد دەکرێت. جگە لەو کۆمەڵگایانەی ئالوودەی ئیسلام بوون. چونکە ئەورووپیەکان ئەو قۆناغەیان بەجێهێڵاوە دەمێکە لەوە ناپرسن کە کێ لەگەڵ کێ دەنوێ یا نانوێ.

هەرواشە ئەگینا لە کۆمەڵگایەکی داخراوی وەک کوردوستاندا کاری وا ئەنجام نادرێت ئەگەر کێشەیەکی دەروونیان نەبێ؟

گومان مان نیە کە لە ئێراندا ئایدیۆلۆجی ئیسلامی سەردەستە و بە پێی بەندەکانی قورئانی عەرەبەکان سسزای تاونەکان جێبەجێ دەکەن.

لە ئەنجامی ئەو کلتورە دواکەوتوەی کە عەرەبەکان لەگەڵ خۆیاندا هێنایەنە ناوچەکانی کە داگیریان کردن، سەرای دەقەکانی قورئان هەروەها ووتەکانی خودی محەمەد، هەر یەکە لەجێگای خۆیانەوە بونەتە مێردەزمەیەک بەسەر دڵی گەلانی ناوچەکەوە.

بەردەبارانکردنی مرۆڤ وەک سەربڕین مێژوی کۆنترە لە مێژووی ئیسلام و عەرەبیش، مەبەست لێرەدا هێندەیە کە عەرەبیش بەردەبارانی مرۆڤی کردوە ، بەڵام داهێنەری تاونەکە نەبوە.

وەک هەموومان دەزانین محەمەد بۆ یەکەمین جار ساڵی 610 زاینی بنکەی بناغەی ئیسلامی داڕشت، عیسای کوڕی مریەمیش610 ساڵ پێش ئایدیاکەی محەمەدی کوڕی عەبدوڵا بناغەی ڕێخراوی عیسایەکانی دامەزراند.

کیژۆڵەیەک ژیلا ئاسا وەک ڕەوشێکی سروشتی لە تەمەنی بالخبوونیدا یەکەکانی ڕابواردنی گەشەدەکاو بە ئەنجامیشی دەگەیەنێ، ئەو کیژە گوێی بە سسزا نەبوو، بەتاوانیشی نەدەزانی هەستا خۆشەویستەکەی لە باوەشگرت.

بەڵام لای کۆمەڵگا تاوان بوو!

بۆیە خەڵکە دەچنە کن عیسا تا بڕیاری بەردەبارنەکەی بۆدەرباکا،چونکە بەردەبارانی مرۆڤ پەیوەندی نەبوە بەباوەڕە دروستکاروەکانەوە ،بەڵکوو نەریتێکی خەڵک بوە.

عیسای کوڕی مریرم ئەڵێ: باشە بەردەرانی بکەن،بەڵام بەمەرجێک کەسێک یەکەم کوچکی تێبگرت کە خۆی تاوانی نەکردبێ!

خەڵکەکەی کە هەریەکێکیان بەردێکی لەدەستادا دەبێ بۆ بەردەبارانی ئەو کیژە، هەرکەس لە ئاستی خۆیەوە لە خۆی دەکۆڵێتەوە کە تاوانی کردوە یانا.

پاشان خەڵکەکە یەکە یەکە بەردەکانی دەستیان فڕێدەدەن،چونکە بێتاونیان تێدا نابێ.

بەو شێوە عیسا دەبێتە ڕیفۆڕمێستێکی ڕاستەقینە ئەو دەردە کوشندە کۆمەڵایەتیە لە کۆڵ خەڵکەکەی خۆی دەکاتەوە.

عیسا وەک سەرجەم پێغەمبەرەکانیتر لەو جۆرە قسانەی لە پێش دەسەڵاتدا کرد، چونکە هەر خوودی دۆستەکانی عیسا بوون ،پاش عیسا دۆزەخیان بۆ مرۆڤەکان سازدا ،لەسەر زەوی، ئەوەبوو لە ئەوروپا6میلیۆن مرۆڤیان سووتان.

محەمەدی کوڕی عەبدوڵاش لە سەرەتاوە ووتەکانی سەرجەم لەشیعری هاوچەرخ دەچن،چونکە لوقمانی27 ئێستاش باشترین دێجامەی ڕاوە ژنە،ئەگەر کەمێک دەستکاری بکرێ .

محەمەد لە لوقمانی27 ئەڵێ ئەگەر دەرەختەکانی گەردوون ببنە پێنووس و دەریاکانیش مەرەکەب ،حەوت دەریایی تریش بێتە پاڵی ،ئینجا بەشی پەسەنی قسەکانی خوا نەکەن.ئەو سورە بگۆڕە بە :ئەگەر دەریکان ببنە مرەکەبوو ئاسمانیش تیانووسم ئنجا بەشی پەسەنی جوانی ڕوخسارت ناکەن.(ئەو پارچە شیعرە سەردەمێ باشترین کەرسەی ڕاوم بوە).

عیسا نەگەی بەدەسەڵات جوولەکەکان لە خاچیاندا،بەڵام محەمەد گەشتە لوتکەی دەسەڵات، لەیەکەم پلەی پەیژەی دەسڵاتیدا لەبەڵێنەکانی سەرەتای ژێوان بویەوە. ئەوکوشتن و تاڵانی کردە دروشمی هەرەبەرزی ئیسلام، ئەو

سڵی لە هیچ نەکردەوە.

بۆیە ئیمامی عەباس ئەڵێ:هێندە خوێن دەڕێژم خوێن هەتا ئەژنۆ بێ.

محەمەد چ بە ئایە یاخیەکانی چ بە ووتەکانی خۆی ئازادیوو سەروەری خەڵکی کردە بارمتەی داخوازیەکانی دەروونی خۆی، ئەو تەنانەت کاتێ دی کە دەسەڵاتی لە لووتکەدایە، ئەو خواشی هەڵواسی بەشمشێرەکەیدا،چونکە لە ئەحزابی51 محەمەد خوای کردۆتە بووکە شووشویەکی ئارەزوەکانی تایبەتی خۆی.

وەک مێژوو محمەد گەللە ژنی هەبوە، ئەوانیش لەناو خۆیاندا شەڕیان بوە لەسەر نۆرەی شەو، کە محمەد بچێتە لای کامیان،ڕەنگە محمەدیش لەشەڕی گەللە ژنەکیدا شتێکی بەرکەوتبێ بۆیە دڵگرانبوەو بە ئەحزابی51 دەیانترسێنێو ئەڵێ:گرنگ نیە نۆبە بۆ ژنەکانت دابنێیی، مەیلی خۆتە لەگەڵ هەرکام لەگەڵ ژنەکانت دەنووی،بنوو خوا بەبەزەییە!

لە قورئاندا بە هیچ شێوەیە باسی بەردەبارانی کردنی مرۆڤ نادۆزینەوە،بەڵام لە ووتەکانیدا، سەرگوزشتەکان چەندێکمان بەرچاو دەکەوێ، کە بۆتە یاسای ئیسلامەکان، لەوانە: ووتەکانی محەمەد کە سەحیح بوخاری تۆماری کردون. کە ئەڵێ:ماعزی کوڕی مالیک ووتوویەتی کە لە گەڵ ئافرەتێکدا ڕایبواردوە، محمەدیش پاش دانپایانانی ماعز فەرمانی بەردەبارانی ماعز دەردەکا لە هەر جێدا بە بەرد دەیکوژن.

مەلاکانی ئێران ئێستا لە دڵنیان کە سسزای ژیلای 13 ساڵە بەردەبارانە تا مردن، بەڵام لەوەش ئاگاداران کە بەردەبارانی سسزایەکی تا بڵێی دوورە لە شارسێتانی و سەردەم.

هەربەپێی ڕۆژنامەی ئافتۆبلاددتی15 ئۆکتۆبەر مەلاکان لە گفتووگۆدان کە بەردەبارانیەکی بۆ بگۆڕن بە لەسێدارەدان.

چونکە بۆ هەمان تاوان عاتیفەی 16 ساڵەیان لە سێدارەدا، کە دەبوو بەپێی دەقی ووتەکانی محەمەد ئەویش بەردەبارن بکردرایە.

قورئانی عەرەبەکان وەک دەق سسزای دیاری کردوە، بەڵام هەروەک چەند جارێک ئەم بابەتەمان دووبارەکردۆتەوە،محەمەد ئەرشیڤی نەبوە تا بزانێ پێشتر چی ووتوە،زوو بابەتە کۆنەکانی لە بیر چۆتەوە، بۆنمونە:

لە سورەی کافیرون ئەڵێ: ئاینی خۆت بۆ خۆت ئاینی خۆشم بۆ خۆم.

کەچی لەپڕ لەبیری دەچێ کە لە کافیروندا چیووتوە، ئەوەتا لە ئالعومرانی85

ئەڵێ:جگە لە ئیسلام هیچ ئاینێکی تر ناپەرژێنین!

لە قورئاندا سوورەی نیسا15 ئەڵێ: ئەگەر توانیتان چوار کەس پەیدا بکەن کە ڕوداوەکەیان دیوە ئەوا ئەو کاتە دەبێ توانبار زیندانی بکرێت تا دەمرێت.

**وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِ ُ ْ فَاسْتَشْهِ ُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْ ُ ْ فَإِنْ شَهِ ُوا فَأَمْسِ ُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَ ْعَ َ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا (النسا 15).**

کەچی لە لە سوورەی نوری 2 ئەڵێ: ئەوانەی نا ئیسلامی ڕایان بواردوە یەکی 80 جەلدەیان لێدەدرێت!

http://www.exiran.com/aza.htm

دوا ووتەم ئەمەوێ بڵێم کە ئەگەر ئیسلامیەکان ژیلایەکی تریان دەست نەکەوێ خوێنی برژێنن ئەوا خوێنی خۆیان هەیە ئاسان ترە کە بیرژێنن ئەگەر وانیە وەڵامی ئەو ماڵپەڕەی سەروەبدەرەوە تکایە.